# خۆپیشاندانەکانی باکور و هەروەستەیەک

**شاخەوان شۆڕش**



کێشەی کورد لەباکوری کوردستاندا خەریکە شێوە ڕەوتێکی دیکە بەخۆیەوە دەگرێت. بەو واتایە بەپێی ڕووداوەکان کێشەکە خەریکە دەچێتە قاوغی خۆپێشاندانی نەترسانەی ڕاستەوخۆی خەڵك بەرامبەر بە ناڕەوایەتی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی تورکان لەکوردستاندا. ئەو گۆڕانە (ئەگەر ناوی گۆڕانی لێ بنێین)، کە پێویستی بە سەرنجدانو هەروەستەیە، ڕێگایەکی گونجاوو کاریگەرانەیە بۆ گوشارخستنە سەر تورکیای کەمالیست، بە مەبەستی زیاترکردنی ئازادیەکان لەم قۆناغەدا، هەروەها کارکردنو خەبات بۆ بەدیهێنانی ئازادی تەواو. ئەم ڕقە ڕەوایەی خەڵكو خۆپێشاندانەکان پێویستە ئۆرگانیزە بکرێنو بخرێتە چوارچێوەیەك کە گوزارشت لەمافەکانی گەلی کوردستان بکات.

سەرەتا دەبێ ئەوە بیر بخەینەوە، کەوا دۆزی کورد لەباکوری کوردستان کێشەی گەلێکی خاك داگیرکراوەو چارەی ڕاستەقینەش جیابوونەوەو سەربەخۆیی ئەو بەشە. ستاتی تورکیا کە داگیرکەری ئەو بەشەی کوردستانە، ئەگەر سەرسەختترین نەبێ ئەوە یەکێ لەسەرسەختترین ستاتی ڕەگەزپەرستە لەجیهاندا. خەباتی ڕزگاری دژ بە ستاتێکی ئەوها نەتەوەپەرست سەختە، بەڵام واتای ئەوە نییە، هیچ چارەیەك نەبێت، یا وابکات لەهەوڵی سەربەخۆیی بەناچاری وازبهێندرێت. وازهێنان لەهەوڵی خۆیبیبوون، ئاستی ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کوردستان دەهێنێتە خوارەوە، دۆزی کورد لاواز دەکات، دەیکاتە کێشەیەکی ناوخۆییو ڕەوایەتی دەداتە سەرداری ستاتی داگیرکەر لەکوردستاندا. پێویستە گەلی کوردستان بۆ دروستکردنی ناسنامەی سەربەخۆو خۆیبیبوون کار بکات، لەو ڕێگایەوەش دەتواندرێ کۆنسێپتی نکۆڵیکردنی بوونی کوردو مافەکانی لەباکوردا کە لەدوای ڕێکەوتنی لۆزانەوە پیادەکراوە، ناچار پاشەکشە بکرێت. ڕەوتی خەباتی ناسیونالیستانەی باکور پێویستی بە پۆلیتیکەکی بوێرو تۆکمە لەو بارەیەوە هەیە. پێویستی بە لێکدانەوەی ڕاشیونالانەو ژیرانە هەیە.

من خەباتی کلاسیکیانەی چەکداری لەشاخەکانی کوردستاندا ڕاشیونالانە نابینم. ئەو ڕێگایە جگەلەوەی لەهیچ بەشێکی کوردستاندا نەیتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، کۆمەڵێ دەرهاویشتەی زۆر خراپی هەمیشە لەگەڵ دابووە، وەکو: دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ ستاتی داگیرکەری ناوچە، پاوانکردنی ناوچەکانی کوردستانو پاکسازی یەکتر، بەکوشتدانی ڕۆڵەی کوردستان لەجەنگێکی نابەرابەردا، پەیدابوونی جاشو بەمجۆرە ناکۆکی ناوخۆیی، بارقورسی بەڕێوەبردنی هێزی چەکدار لەلایەنی ئابوریەوە، بارقورسی لەسەر گوندنشینەکان، کاولبوونو چۆڵبوونی ناوچەکانی کوردستان، زیانی ئابوری گەورە بەهۆی ئەو کاولبوونو چۆڵبوونە، دەربەدەری خێزانی دێهاتەکانو پەراگەندەبیان لەشارەکاندا، لەوێوە کێشەی بێکاریو بژێوی هتد.. بەکورتی تێکچوونی ژیانی بەهەزاران خێزانو چوونیان بەرەو چارەنووسی نادیار. زیانی دوژمن چییە لەو جۆرە شەڕەدا؟ کوشتنی سەدانو ڕەنگە هەزاران سەرباز بێت، ئەوەش کێشەیەکی ئەوتۆ بۆ ستاتێکی دیکتاتۆر دروست ناکات، ڕژێمی داگیرکەر لەجیاتی سەربازە کوژراوەکان دوو ئەوەندەی دیکە سەرباز دەهێنێتەوە. دیارە چالاکی سەربازی بارقورسی ئابوری بۆ ستات بێگومان دروست دەکات، ستاتی دیکتاتۆر لەوبارەدا زۆرترین بوشێت بۆ خەرجی بەرگریو سەربازی تەرخان دەکات. ئەوەش لاسەنگی لەدارایی وڵات دروست دەکات، بەڵام زۆر سەختە بگاتە ئەو ڕادەیەی چۆك بەستاتێکی بەهێزی وەکو تورکیا یا ئێران دابدات.

لەڕاستیدا ئەوەی لەخەباتی چەکداری لەشاخەکانی کوردستاندا زیانی پێدەکەوێت گەلی کوردستانو وڵاتی کوردستانە. بۆیە هیچ هۆشمەندییەك لەوەدا نییە کەوا بێیت بەدەستی خۆت ماڵی خۆت وێران بکەیت یا شەڕ بخەیتە ناو ماڵی خۆت. ڕاستە سوپای داگیرکەر گوندو دێهات دەسوتێنێتو ناوچەکان لەمرۆڤ چۆڵ دەکات، ئەوە لەزۆرترین باردا بەهۆی ئەو بیانۆەیە کە خەباتی چەکداری دەیداتە دوژمن. ئەوە دەستکەوتە بۆ داگیرکەر کە بتوانێ بیانۆیەك بدۆزێتەوە، بێتو کوردستان کاول بکاتو بەدواکەوتوویی بیهێڵێتەوە. دەستکەوتە بۆ دوژمن، ژێرخانی ئابوری کوردستانو داهاتی ناوخۆی کوردستان خاپوور بکات. دەستکەوتە بۆ دوژمن کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە گێژاوی ناکۆکیو لێکترازان، هەزاران خێزان ناچاری کۆچکردن بەرەو وڵاتی تورکیا بکاتو لەوێ بەرەو ڕووی توانەوە ببن.

شایانی گوتنە ڕاپەڕینی خەڵکی باکوری داگیرکراو تەنها لەئەنجامی سەندنەوەی تەرمی هەندێ پارتیزانو گەریلا نییە، ئەوە دەرهاویشتەی ئازارێکی کەڵەکەبووی گەورەیە کە لەئەنجامی چەوساندنەوەیەکی سیستەماتیکی هەمیشەیی دەیان ساڵە دروست بووە. گەلی کوردستان جامی بێدەنگی پڕ بووە، بەڕووی داگیرکەری ڕەگەزپەرستو کەمالیستی تورك دەتەقێتەوەو دەیەوێت دەردو زامەکانی بگەیەنێتە دەوروبەرو جیهان. تووڕەو زام لەدڵ بەدوای چارەسەر بۆ دەردو مەینەتیەکانی دەگەڕێت، بەڵام بەبێ پرۆگرامی داڕێژراو سەختە چارەسەر بێتەدی، کە بەداخەوە من لەو خۆپێشاندانانە نایبینم پارتە کوردیە دانپێنراوەکانی ناو تورکیا داواکاریەکانیان زیاتر لەچوارچێوەی مافی کەلتووری خۆی دەدۆزێتەوە. لاوازیو دڵەڕاوکێ بە داواکارییەکانیانەوە دیارە. ئەوان دەبێ هەمیشە بیر لەو سنورانە کە ستاتی داگیرکەری تورك بۆی داناون، بکەنەوە. ئەو سنورانەی لەسەر بنچینەی نکۆڵیکردنی ناسیۆنی کورد داڕشتراون.

بۆیە ئەوان ناتوانن یا سەختە بتوانن هەنگاوی گونجاو کە ڕەنگ لەبەها نەتەوایەتیەکان دەداتەوە، بهاوێژن. پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە" وەکو بەهێزترین هێزی چەکداری دژ بە تورکیا، خەباتێکی کلاسیکیانەی چەکداری دەکات، ماوە ماوە ناوی خۆی دەگۆڕێتو لەگەڵیدا ئامانجەکانیشی دەگۆڕێت. جارێك خەبات بۆ سەربەخۆیی دەکات، یا ١٨٠ پلە دەگۆڕێتو خەبات بۆ مافی کەلتووریو دیموکراتیزەکردن دەکاتو هەموو هەوڵێك بۆ سەربەخۆیی ڕەت دەکاتەوە، یانیش پێشنیاری کۆنفیدرالیزم بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان دەکات! ئەو هەموو هەڵسانو دابەزینە لەئامانج، یا هەوڵی پەلهاویشتن بۆ ئەوبەرو ئەمبەر، یا بوونی بیرۆکەی فراوانخوازانە گوزارشت لەقەیرانی دەروونی، ناسنامە، مەبەستو ویستی ئەو پارتە دەکەن. ئەوە جگەلەوەی پەکەکە یا کۆنگرەی گەل یا کۆما کۆمەڵێ کوردستان، ڕێکخراوێکی بەرزەفڕەو وەکو هەندێ پارتی دیکەی ناسراوی کوردستان خەون بەپێشڕەویەوە دەبینێتو سەرۆکەکەیشی تەنها بە ڕێبەری ڕەوای گەل دەبینێت.

پێویستە پارتەکانی کوردستان ریالیستانە لەبوونی خۆیانو توانای خۆیان بڕوانن، ریالیستانە سەیری گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەو جیهان بکەن. ئەوان هەر یەکەیان ڕێکخراوێکی ڕامیاری ناو کۆمەڵگەن، وەکو هەر دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی دەستکردی مرۆڤنو لەئاسمان دانەبەزیون. بەرزەفڕی، بانگەشەی پارتی پێشڕەو، پیرۆزکردنی پارتو سەرۆك سوودبەخش نەبوویننو نین، مێژوو ئەوەی لەچەندین وڵاتدا سەلماندووە. ڕەوتی بەرزەفڕی، گەل پارچە دەکات یەکی ناخات. گەلی کوردستان لەهیچ پارچەیەکی کوردستان پشتگیری تەنهای یەك سەرۆك یا یەك پارتو ڕێباز ناکات، بەڵکو خەڵك دابەشبوونەتە سەر چەندین پارتو ڕێکخراو. ئەوەش بەئەگەری زۆر لەئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی لێکدانەوەی مرۆڤەکانە. پێویستە پارتە گەورەکانی کوردستان لەو ڕاستیە بگەن، بەمجۆرە واز لەداسەپاندنی بەرژەوەندیو ئارەزووە تایبەتییەکانیان بهێنن.

باکور پێویستی بەیەکخستنی هەوڵەکان هەیە، پێویستی بە هاوکاری پارتو ڕێکخراوە ڕامیاریەکان هەیە. پێویستە داواکاری ڕامیاریان بەڕوونیو بەزمانێکی ئاسان دیار بکرێنو نەترسانە بخرێنەڕوو، وابکات هەموو گەلی کوردستان تێی بگەن؟ بەمجۆرە خۆپێشاندان بۆ بەدیهێنانی ئەو داواکاریانە بێتو سنوری تەرم گەڕاندنەوە یا دادگاییکردنی تاوانبارێکی تورك ببەزێنێت.

خەباتی پێویست بۆ سەردەمی ئەمڕۆ، تەقوتۆقی شاخ نییە، بەڵکو خەباتی پەروەردەکردنو مۆبیلیزەکردنی گەلە بە بیروباوەڕێکی ناسیونالیستانەی ئازادیخوازانە لەسەر بنچینەی هەوڵ بەرەو سەربەخۆییو خۆجووداکردنەوە لەنەتەوەی داگیرکەر، کەلتوری کۆیلایەتیو ژێردەستەیی. گرنگی بدرێتە بەهاکانی ناسیۆن بوون، هەروەها دروستکردنی کەسایەتیەکی بەهاداری بەهێزی ناسیونالیستانە بۆ مرۆڤەکان، بەشێوەیەك مرۆڤی کورد چیتر خۆی پێ لەتورك کەمتر نەبێت، تورك بە ئاغاو مامۆستای خۆی نەزانێت، زمانی تورکی پێ لەزمانی کوردی بالاتر نەبێت، ناسیۆنی تورك لەناسیۆنی کورد بالاتر نەبینێت هتد. ترس شکاندنی گەل لەنەتەوەو هێزی داگیرکەر زۆر گرنگە، بەبێ دروستکردنی کەسایەتیەکی بەهێز سەختە ئەوە بکرێت. سازکردنی مانگرتن، لاملیکردن، خۆپێشاندانی ناو شارەکان دژی ناڕەوایەتیەکان ڕێگای گونجاو و سەردەمانەن. پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە چۆن دەکرێت گەل دژی هێزی داگیرکەرو داموودەزگاکانی یاخی بکرێت. چۆن دەکرێت گەل لەوردو درشتی مافە نەتەوەییو مرۆڤایەتیەکانی خۆی بگاتو دەسەڵاتی داگیرکەری تورك لەسەر ئەو بنچینەیە ڕەتکاتەوە. هاوکات ناڕەوایەتیەکان بەجیهانی بکرێنو هەموو ڕێگایەك بۆ بەجیهانیکردنی کێشەکەو خۆپێشاندانەکان بەکار بهێندرێت. ستاتی تورکیا ئەو تورکیایەی پێشان نییەو گوشاری بەتایبەتی ئەوروپای لەسەرە، گوشاری جیهانیو ئەوروپایی کاریگەری پۆزەتیڤیان هەیە، پێویستە هەوڵ بۆ بەهێزترکردنی ئەو گوشارە بەردەوام بێت.

**www.dengekan.com**

# با سازش لەسەر پۆستی سەرکۆماردا نەکەین!

*ئاکۆ مەجید*

چوار مانگ زیاترە پەرلەمانی عێراق هەڵبژێردراوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیە مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنو پێکهێنانی حکومەت کراوە. کوردو شیعە لەرابردوودا هاوکارو هاوپەیمانی یەکتربوون، کەچی ئەمڕۆ کورد لەسەر کاندیدکردنەوەی ئیبراهیم جەعفەری رازی نابێ. عەرەبی سوننە بۆ لادانی جەعفەری هاودەنگیان لەگەڵ کوردا کرد، بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ جەعفەریو سەدریەکاندا بەخشکەیی داوای پۆستی سەرکۆمار دەکەن، واتە پاشقوڵ دەگرنو دژ بە خواستی لیستی هاوپەیمانی کاردەکەن. ئەم سیاسەتە لەلایەن دەوڵەتانی عەرەبیەوە پشتیوانی لێدەکرێت، وا خەریکە بازنەکە فراوانتر دەبێو هەندێ لەهێزەکانی شیعەش دەگرێتەوە. ئەمە راستو رەوان دژ بە خواستەکانی گەلی کوردستانو ناسینی مافی گەلی کوردستانە.

ئەگەر جاران رژێمی سەدام بە زارەکی کوردی بەوڵاتیی پلە یەك دادەناو بەکردەوەش لەخانەی دوژمندا دایناوو، شەڕی لەنێوبردنی دەکرد، ئەوە ئەمڕۆ بە ئاشکرا پۆستی سەرکۆمارو سەرۆکی وەزیرانی پێڕەوا نابیننو دەیانەوێ وەك وڵاتیی پلە دوو رەفتاری لەگەڵدا بکەن.

کەسێکی وەك سەرکۆماری میسر راشکاوانە ناحەزی خۆی بۆ سەرکردە شیعەکان رادەگەیەنێو ئەوان لەهەستی نیشتیمانییاندا بۆ عێراق بەکەمتەرخەم دادەنێ، لەم کاتەدا پێویست ناکات کورد لەسەر شیعەکان بێتە دەنگو بە سوارچاكو نیشتیمانپەروەر بیانناسێنێ، چونکە تەنیا مێژوو لەئاکامی ئەزموونو لێکدانەوەکانی خۆیدا دەتوانێ ناسنامەی وڵاتپارێزیو نیشتیمانویستی بەتاکەکانی نیشتیمانێك ببەخشێ. لێدوانەکانی بەرێز سەرۆك تاڵەبانی وایکرد کە هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوە بەرەو قاهیرە نەڕوات، ئەمە سەرکەوتنێکی بەرچاوە بۆ شیعەکان، کەچی دیسانەوە ئەوان کورد بەجیاخوازو کەمسۆز ناودەبەن، بەو پێودانگەشەوە رەفتاری لەگەڵدا دەکەن. سەرکردایەتی کورد ئەگەر سەد هێندەی تر باشتر خزمەت بەیەکێتی خاکی عێراق بکاتو هەتا بن ملی عێراقچێتی بکات، هەر کوردبوونی دەکرێتە بیانوو دژایەتی دەکرێتو بەکوردستانی دەژمێردرێ.

عەدنان پاچەچی سەرۆکی کاتی پەرلەمانی عێراق داوادەکات رۆژی دووشەممە پەرلەمان کۆبێتەوەو وڵات لەبێ حکومەتی دەرباز بکات. ئەی باشە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ ئەو کۆبوونەوەیەو بۆ پێکهێنانی حکومەت چ بەرنامەیەکی هەیە؟!. لەوانەیە لەو کۆبوونەوەیەدا عەرەبەکان زۆر راشکاوانە دژایەتی خواستی کورد بکەنو داوابکەن کە پۆستی سەرکۆمار بەعەرەبێکی سوننە بدرێ. لەوانەیە ئەو کۆبوونەوەیە شێوەی توندوتیژی گفتوگۆکان بەخۆیەوە ببینێ. ئەگەر کورد لەبەرانبەر ئەو لێدوانانە بەتووندی وەڵامی ئەوان نەداتەوە، هەڵەیەکی گەورەو مێژوویی دەکات. هەندێ لەو عەرەبانەی لەسەردەمی سەدام حوسێندا خۆشخزمەتیان بۆ بەعس دەکرد، ئەمڕۆ خۆیان بە وڵاتپارێزی راستین دادەنێ، کەچی پۆستی سەرکۆماری بەکوردێکی ناسراوی وەك مام جەلالیش کە لەپۆستەکەی خۆیدا بێهاوڕێکە، بەڕەوا نابینن. زۆر بەتووندیو بەشێوازێکی ترەوە داکۆکی لەبەعەرەبکردنی کەرکوك دەکەنو بۆ ئەوە کاردەکەن کە کەرکوك نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. ئەگەر هەر لەئێستاوە نوێنەرانی کورد لەکۆبوونەوەی پەرلەماندا لەدژ ئەو بۆچوونانە رانەوەستن گەواهی ئەوە دەبێت کە سەرکردایەتی کورد لەبازنەیەکی بێ ئامانج دەخولێتەوەو لەئاکامیشدا زیان بەدۆزی رەوای گەلی کوردستان دەکەوێت. دەبێ خەڵکی کوردستان باش بزانن کە ئەمریکا هاوسۆزی لەگەڵ ئەودا ناکات، ئەمریکا پارێزگاری لەو عێراقە دەکات کە بەرژەوەندی خۆی تیابێت. نابێ گەلی کوردستان خۆی فریوبداتو بەبەڵێنو پەیمانەکانی ئەمریکای بەرژەوەندخواز خۆی بخاپێنێ. دەبێ بەرژەوەندی باڵای گەلو نیشتیمان، پارێزگاریکردن لەبەهای فەرهەنگیو کلتوری رەسەنی کوردستانی لەپێشەوەی هەموو کارەکانی دیکە دابن.

# ئەنفال، برینێکی سارێژنەکراو لەجەستەی کۆمەڵگەی کوردیدا

**ن: هۆشیار عبدالرەحمان**

ئەگەر کەمێك لەمێژووی سەرهەڵدانی ئیسلامو هێرشەکانی بۆ سەر وڵاتانی دەوروبەر وردبینیەوە دەبیبینین وشەی ئەنفال لەپێشتر بۆ سەر میللەتە ناموسڵمانەکان بەکارهێنراوە، ئەم وشەی (ئەنفال) بەمانای (دەسکەوت، غەنیمە) دێت، هەر کاتێك سوپای ئیسلام هەر شوێنو ناوچەیەکی دەگرت سەروەتو سامانەکەی تالانو بڕۆ دەکردو مرۆڤەکانیش دیلو بەکۆیلە دەکرانو ئافرەتەکانیش بەکەنیزە دەژمێرانو بەسەر پیاوانی سوپادا دابەش دەکران، ئەمە لەکاتێکدا لەبارودۆخی ئەو سەردەمەدا ئەگەر بەهانەی ئەوەی بۆ دەهێنرایەوە کە ئەم میللەتانە موسڵمان نینو نایەنە ژێر ڕکێفی سوپاو ئالای ئیسلامەوە دەبێ بەرێگەی شەڕ یان باجدان بە ئیسلام ڕازی بنو یەکێکیان هەڵبژێرن، میللەتی کوردیش یەکێك بووە لەو میللەتانەی کە بەر هێرشی سوپای ئیسلام کەوتووە لەساڵەکانی (٦٣٩-٦٤٠) ز کە ناوچەکانی دەشتی هەولێر، بالیسان، شارەزوور و خانەقینی گرتووەتەوەو تالانو کوشتو کوشتارێکی زۆری لێکراوە، کەچی جارێکی دیکە مێژوو خۆی دووبارە کردەوە لەسەر دەستی رژێمی بەعسو ئەفلەقیەکانو بەعەقلیەتێکی ڕەگەزپەرستانەو شۆڤێنیانە کیەمینەی عەرەبی سوننە لەعێراقدا، کە پەلاماری گەلی کوردی موسڵمانیان دایەوەو بەدروشمی (ئەنفال) ئەم هێرشەیان ئەنجامداوە، بە سەرپەرشتی تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید)ی ئامۆزای سەدام حوسێنی سەرۆکی عێراق کە بەفەرمانێك لەساڵی ١٩٨٧ دەسەڵاتی رەهای بەتاوانباری ناوبراودابوو کە بەهیچ شێوەیەك سڵ نەکاتەوە لەکوشتو بڕی گەلی کوردا، ئەو تاوانبارە فەرمانی بەسوپای عێراق دابوو گوتبووی (سەروەتو سامانی کورد بۆ ئێوەو سەریشیان بۆ ئێمە. حزبی بەعسی بەناو سۆسیالیستی کە لەپەیڕەو پرۆگرامی خۆیدا باس لەیەکسانیو ئازادی سۆسیالیستی دەکرد، بەرنامەی سیاسی بەشێوەیەك ئاراستە دەکرد کە حزبێکە دەتوانێ دیموکراسی، ئازادیو یەکسانی بۆعێراقیەکان بهێنێتەدی. کەچی بەماوەیەکی زۆر کورت هەموو ئەم دروشمو ڕاگەیاندنە چەواشەکاریانە بۆ هەموو خەڵکی دەرکەوت تەنها شکڵێن لەناوەڕۆکدا بەتاڵنو ئایدۆلۆژیاو فیکرەو فەلسەفەی حزبی بەعسی جگە لەبیرێکی ناسیۆنالیزمی پان عەرەبی هیچی تر لەنێو ئەم حزبەدا جێگەی نابێتەوەو بەهەموو شێوەیەك بەرنامەو پیلانیان دادەڕشت چۆن هەموو نەتەوە ئایینیو کەمینەکانی جگە لەعەرەب لەناو بۆتەی عەرەبیدا بتوێننەوەو خاکی کوردستانیش بکەنە بەشێك لەنیشتیمانی عەرەبی. هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە حزبی بەعس بەپێی بەرنامەو پیلانێکی داڕێژراو لە١٩٨٨/٢/٢١ بە هەشت هەڵمەت پەلاماری کوردستانو کۆمەڵانی خەڵکی بێ دیفاعو سڤیلو مەدەنیان داو تەڕو وشکیان بەبێ بەزەیانە پێکەوە سووتاند، لەم هەشت قۆناغەدا کە کوردستانیان سوتماك کردو ئەنجامەکەی ١٨٢/٠٠٠ قوربانیو (٤٥٠٠) گوندو شارۆچکەیان خاپوورکردو لە ١٩٨٨/٩/٦ کۆتایی پرۆسەکەیان زۆر سەرکەوتووانە ڕاگەیاند، ئەگەر لەم پرۆسەیە لێکۆڵینەوەیەکی وردو توێژینەوەی زانستیو مرۆیانە بکرێت چمان بۆ دەردەکەوێت!؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ لەوێوە دەست پێ بکەین کە ئەم پرۆسەیەی بەناو (ئەنفال) ە بەتەواوی پرۆسەیەکی جینۆسایدە کە لەسەر گەلی کورد بەعسیەکان ئەنجامیاندا، کە پێشتر لە شەڕی دووەمی جیهانی نازیەکانی ئەڵمانیا لەسەر گەلی جولەکە تاقیان کردەوە کە دوای بەهۆلۆکۆست ناسرا. ئەم وشەی جینۆسایدەیە تەواوی بەمانای پاکتاوی ڕەگەزی، ئەتنیکی، نەتەوەیی، ئایینی، دێت، بۆیە



پێویستە هەموو تاکێکی کورد وەك ئەرکێکی نیشتیمانیو نەتەوەیی بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت لەرامبەر ئەم کارەساتە تراژیدیایەی قوربانیانی ئەنفال، بەتایبەتی ڕۆشنبیرانو نووسەرانو ئەدیبانی گەلەکەمان کە بێباکیو خەمساردیان پێوە دیارە بەرامبەر کارەساتە گەورەکە. بۆیە ئەم مەسەلە گرنگەی کە ئەمڕۆ هەلێکی باشی بۆ ڕەخساوە دەبێ هەردوو حزبە زلهێزەکەی کوردستانو سەرجەم حزبە کوردستانیەکان ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆی خۆیان لەبەرنامەی سیاسیو بە بەردەوامی کاری بۆ بکرێ لەهەموو کۆڕو کۆمەڵە دۆستو نێودەوڵەتییەکاندا بۆ ئەوەی ببێتە مەسەلەیەکی نێو دەوڵەتیو لەقازانجی سیاسیو مرۆیی گەلەکەماندا بشکێتەوە، نەك وەك دوو رۆژی یادەوەری لە (٣/١٦)و لە ٤/١٤ لەکاتو شوێنێکدا یادی بکرێتەوەو باسەکەش بۆ ساڵێکی دیکە هەڵبگیرێتەوە، ئێستا ئەوەی جێگەی دڵخۆشیو ئاسوودەیی گەلەکەمانو کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهیدە، کە تاوانباری سەرەکی (سەدام حوسێن) و داروودەستەکەیەتی وان لەناو قەفەسی تاوانباریداو وا چاوەڕوان دەکرێت لەچەند رۆژێکی دیکە لەسەر ئەم مەسەلەیە دادگەیی بکرێن، بۆیە جێی خۆیەتی سەرکردایەتی سیاسی کوردو گەلەکەمان بە بەرنامە خۆیان بۆ ئەم دادگەیە ئامادە بکەنو داوا بکەن دادگەیی کردنەکە ببەنە دادگەیی نێودەوڵەتی وەکو دادگەیی لاهای، بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە ببێتە خەمی هەموو جیهانو هەرچی میدیاو ڕاگەیاندنەکانی جیهانە خۆیان بەپێری ئەم مەسەلەیەوەو گرنگی پێدەدەنو بەدنیای بناسێنن. نەك لەدادگەیەکی بچووکی داخراوداو لەنێو عێراقدا بە نهێنی بمردرێتو بەکپیو سەرپێی ئەم مەسەلە تێپەڕ ببێتو زۆر بەخراپی لەسەر گەلەکەمان کۆتایی دێت. بۆ ئەوەی لەڕووی سیاسیو مرۆییو کۆمەڵایەتییەوە ئەم دوو پرۆسەیەی ئەنفالو کیمیاباران لەقازانجی گەلەکەماندا بشکێتەوەو ببێتە ڕەمزێکی نەتەوەییو ببێتە یادەوەریەكو نابێ لەبیر بچێتەوەو دەرسو پەندێکیش بێت بۆ نەوەکانی داهاتوو.